# نامەیەکی کراوە لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان بۆ وەزیری پەروەردە و فێرکردن

سڵاوو رێز....

بەرلەوەی برۆینە سەر بابەتی باسەکەمان بە پێویستی دەزانین کە ئەوە رونبکەینەوە ئێمە وەکو توێژەرانی کۆمەڵایەتی چاومان سەرجەم ئەو کاروپرۆژانەی وەزارەتی پەروەردەی بینیوە لە هەموو بوارو لایەنەکاندا بەتایبەتی دوای وەرگرتنی پۆستی وەزاری لە لایەن بەڕێز د. دلشاد عەبدالرەحمان کە گرۆتینێکی بەهیز ترو چالاکیەکان بەرچاوو دیارن کە ویژدان دەبێت باسیان لێوە بکات.

بەڕێز وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەک لە سەرەتا ئاماژەمان پێدا کە جەنابتان خەمخۆری سەرەکی باشکردن و بەرەو پێش بردنی رەوشی پەروەردەن لە کوردستان بەڵام بێگومان شتەکان بێ کەم و کوری نابێت و بەهۆی بەرەو پێش چوون و گۆڕانکاریەکان پیداویستەکان زیاد دەکات و هۆشیاری زیاتر سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ هەست بە مافەکانی بکات و سەروی خۆی لێ ئاگادار بکاتەوە .

ئێمەش وەکو توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە لە نێو قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییەکان ئەرکی پەروەردەکردن و راستە رێکردنی رەفتارەکانی قوتابیانمان لەسەر شانە هەستمان بە جۆرێک نایەکسانی کردووە کە بروامان وایە بەرێزت بە ئەرکێکی سەرشانی خۆتی دەزانی کە ئەم نایەکسانیە بگەڕێنیتەوە بۆمان کە سەرجەممان دەرچووی کۆلێژین و پێویستە بە چاوی بروانامەی زانکۆ و مامۆستای دواناوەندی و ئامادەییەوە سەیربکرێن بەڵام بەداخەوە کە دەبینین ئێمە وەکو توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەرماڵەی مامۆستایان نامانگرێتەوە و تەنانەت لە دەرماڵەی هاتووچۆکردن بێ بەش کراوین وەکو ئەوەی ئێمە هاتووچۆنەکەین کە ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ بۆ بەرەو پێشچوونی رەوشی پەروەردە کە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە بنچینەی کارەکانی خۆی دەزانێت کە بەتایبەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەرکی پەروەردەکردنیان دەکەوێتە سەرشان و بەداخەوە بۆ ئەوەی دەرماڵەی مامۆستایان بیانگرێتەوە ناچار لە کارە پیرۆزەکەی خۆیان لە بەرگرانی و بژێوی ژیان رادەکەن و ناونیشانیان دەکەن بە مامۆستا ئەمەش دەبێتە هۆی خراپ شکانەوە بەسەر وەزارەت کە ئەرکی یەکەمی پەروەردەیە دوای ئەو فێرکردن هەروەها کۆمەڵگاش زەرەرمەند دەبێت ،هەربۆیەش داوامان وایە بەرێزتان بتوانن کارێک بکەن کە کۆنترۆڵی ئەوانە بێت کە دەرئەنجامەکەی باش ناکەوێتەوە، لە چاوەروانی وەڵامی بەرێزت و چارەسەرکردنی گرفتەکەمانین .....لە گەڵ رێزمان.

ژمارەیەک توێژەرانی کۆمەڵایەتی

لە قوتابخانەکانی دواناوەندی و ئامادەییەکان

2007/9/3